دوو شۆڤێری بارهێنگر بەهۆی پێکدادانیان لە دهۆک گیانیان لەدەستدا

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاندووە، ئەمڕۆ ڕووداوێکی هاتووچە لە جێی پێکدادان لە نێوان دوو بارهێنگر لەسەر ڕێگای سەرکی (بەدریکە – ئێلقوش) ڕوویداوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، بەهۆی ڕووداوەکەوە دوو شۆفێر کە یەکەکیان خەڵکی باکوری کوردستانە و شوفێرەکەی دیکەش خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە گیانیان لەدەستداوە، هەروەها کەسێکی دیکەش بریندارە. لە ئێستادا تەرمی هەردوو شۆفێرەکە بە مەبەستی ئەنجامدانی توێکاری ڕوانەی پزیشکی دادی پارێزگای دهۆک کراون، بەیارە دواتر تەرمەکانیان ڕادەستی کەسوکارەکانیان بکرێنەوە.